# ئەنفالچیەکان زیاتر خزمەتکراون, لە کەسو کاری ئەنفالکراوەکان

**ئازاد رەشید**

**April 14, 2005**

**ئەنفال ووشەیەکێ عەرەبیە و لە قورئانەوە زیاتر هاتووە ئەم ووشەیە بە عەرەبی بە کوردی بە بیانی بە ئیسلامی هەمۆ یەک مانا دە دات ئەو سەردەمەی ئیسلامەتی لە پەرەسەندن بوو ووشەی ئەنفال بە کردەوە جێ بە جێ کرا تەنها وەک ووشەیەک نەمایەوە لە ناۆ قورئان کارێ پێ کرا بۆ سەر ئەوانەی پێ یان دەوترا کافر لەو هیرشانەدا هەمۆ شتێکی ئەو کافرانە حەڵاّل کرابۆ بە ناوێ ئیسلامەوە هەر لە کۆشتن و ماڵ ویران کردن و تاڵان کردن و سوتاندن و تا ژن و کچانیش حەڵاڵ بۆ ..ئەم کردەوانەی عەرەب پێش ئیسلامیش ئەم کارانە بەردەوام هەبۆ لە ناویاندا هیرشیان دەکردە سەر یەکتر هەمان کردەوەیان دەکرد بەرامبەر یەکتر بەڵام لە ئیسلامدا حەڵاڵ کرا بۆیان !!**

**ئەو سەردەمە هیرشەکان بۆ سەر کافران بۆ بەڵام ؟خۆ کورد کافر نەبۆ ئەو کارەساتەیان بەسەردا هێنا لە لایەن عەرەبەوە کردەوەیەک هەزارۆ پینج سەد ساڵ پیش ئەمڕۆ کراوە لە سەر کورد دوبارە کرایەوە نزیکەی دە هەزار مزگەوت رۆخاو سوتیندرا سەدان هەزار قورئان و پەرتوکی ئاینێ سوتێندرا هەزاران مەلاۆ پیاوی ئاینی کوژرا دوو سەد هەزار مرۆڤێ بێ تاوانیش لە ژێر خاک نرا وەک کردەوەی عەرەب لە رابردوو ژنان و کچانی کوردیش حەڵال کرا بۆیان دابەشیان کرد بەسەر هەمۆ ئومەی عەرەبیدا واتە کورد نە خاکێ ئازاد بوو نە شەرەف و ناموسێ هەمۆ کەوتە بەر ئەنفال ((ئەنفال یەک ووشە بۆ وایێ بەسەر کوردا هینا ئەگەر دە ووشە بووایە چێ بەسەر کوردا دەهات))؟**

**ئەو کارەساتە وەک چێشتی مجێور تێکەڵ کرا بە زۆری کوردۆ عەرەب بەشدار بوون لە خواردنی ئەو چێشتە هەر کۆمەڵ و جەماعەتیک بە شێوەیەک بەشدارە ..ئەوانەی راستەۆ خۆ دەستیان لە ئەنفالدا هەبۆ وەک سەربازو ئەفسەرو موستەشاڕو جاش و جاسوس و مەفرەزە خاسەی کورد ئەمانە هەرچێ کاری درندانە هەیە بەسەر کوردیاندا هێنا بە بێ بەزەیێ رەحمیان بە ئاژەڵەکانیش نەکرد !**
**!**

**ئەوانەی نا راستەو خۆ بەشدارن ئەو کاربەدەستانەی لە کاتێ ئەنفالدا ڕێگەیان لە خەڵکی گۆندەکان گرتبۆ تا چۆڵی نەکەن ئیستا بەم کردەوەیە دەڵین ((هەڵەی سیاسی )) بەڵام ئەمە خیانەتی سیاسیە ؟؟؟دەبێ لە ڕێزی تاوانباراندا بن ..**

**ووشەی ئەنفال کە لە قورئاندا هاتبوو کۆڵکە مەلاکانی کورد و پیاوە ئاینیەکان زۆر بە شانازیەوە باسیان لێ دەکرد لە کاتی خوتبەی هەینی و بۆ کورد گووایە ئیسلام ئەم کارەی بەسەر کافراندا هێناوە پێش هەزارۆ پینج سەد ساڵ بە کارێکی قارەمانانەیان دەزانی بە بێ ئەوەی بە یەک ووشەیەک باسی هەڵەیەکی ئەنفال بکەن لە پراکتیکدا کە زۆر کاری نامروڤانەی تیدا ئەنجام دراوە بە ناوی ئیسلامەوە ئەمە تا سالێ 1988 وا بوو لەم ساڵەدا ئەنفال هەمان کردەوەی بەسەر کوردا هێنا مەلاکانی کورد وەک رابردوو بێ دەنگ بوون بە یەک ئایەتی قورئان خوویان دەپەرانەوە دەیان گووت خودا فەرمویەتی (خۆتان مەخەنە تەهلوکەوە)ئەمە بۆ ئەوەی دیفاع لە نەتەوەکەی خۆیان نەکەن کە ئەنفال دەکرا یان دەیانگووت حکومەتەکە زالمە دەسەڵاتمان نیە ئەو کۆڵکە مەلاو پیاوە بە ناو ئاینیانە بەزۆری لە ڕیزی حزبی بەعسی عەرەبی بوون ئیستاکە لەڕیزی حزبی کوردین هەمان کردەوەی جاران وەک پێشەیان لە هەمۆ شتیک بێ دەنگن ئەمانە منافقن وەک قورئان باس دەکات ....**

**له كاتی ئه‌نفاله‌كه‌دا خه‌ڵكی كورد كه‌س و كارێ ئه‌نفاله‌كانی ناگرته خۆی تا ئیستا له 5 ملیون كورد 500 منداڵی ئه‌نفالی ((ته‌به‌نی ))نه‌كراوه له لایه‌ن خه‌ڵكی كورده‌وه ...**

**چوارده ساڵی ئازادی چێ بوو كه‌س و كاری ئه‌نفال كراوه تا ئیستا بازرگانیان پێوه ده‌كریت له لایه‌ن حزبه‌كانه‌وه بێ ده‌رامه‌ت ترین خه‌ڵك له كوردستاندا كه‌س و كاری ئه‌نفالكراوه‌كانه له سنوری كه‌ركوك گه‌رمیان له هه‌موو رۆیه‌كی ژیانه‌وه دووا كه‌وتوون منداڵانیان به زۆری بێ به‌شكراون له خویندن به حوكمی كه‌م ده‌رامه‌تیه‌وه ژن و كچیان زیاتر خزمه‌تی خه‌ڵك ده‌كه‌ن هه‌مۆ له نیوان چوار دیواری بلوكدا ده‌ژێن به هاوین گه‌رم و به زستان سارد هیچ كه‌ره‌سه‌یه‌كی ژیانیان نیه بۆخوم چومه‌ته ماڵی ئه‌نفالكراو گژۆ گیایان ناوه‌ته بان ئاگره‌وه بۆ خواردن به رامبه‌ر هه‌مۆ ئه‌م كاره‌ساتانه ئه‌وانه‌ی راسته‌و خۆ ناراسته‌و خۆ به‌شدارن له ئه‌نفالكردن له خۆشترین ژیاندا ده‌ژێن ماڵ و منداڵی ئه‌وانه بونه‌ته نوینه‌ری ئه‌نفال زیاتر پله‌و پایه‌یان به‌رز بۆته‌وه له سایه‌ی دوو حزبی كوردیه‌وه به‌ناوی پاراستنی ڕیزه‌كانی گه‌له‌وه ئه‌نفال چیه‌كان زیاتر له كاتی به‌عس خزمه‌ت ده‌كرێن له هه‌مۆ رۆیه‌كه‌وه له نێو حزبدا كه‌س و كاری ئه‌نفالیش ێشت گۆی خراوه ..**

**هه‌روها ئه‌نفاله‌كان به شه‌هید حیسابیان بۆ ناكرا له كاتی یارمه‌تی و هاوكاریدا لای حزبه‌كان شه‌هیدیش ێله‌ی هه‌یه وه‌ك ده‌سه‌ڵاتی حزبی ئه‌و موسته‌شارانه مانگانه یارمه‌تی مادی ده‌كران كه‌س و كاری ئه‌نفال به چه‌ند مانگی جاریك شتێكیان پێ ده‌درا..به ده‌یان مونه‌زه‌مه‌ی بازرگانی به‌ناوی ئه‌نفاله‌وه هه‌یه له سنوری ئه‌نفاله‌كاندا نیه وه‌منداڵی ئه‌وانیش كاری تیدا ناكات مه‌گه‌ر ناسیاوی كاربه‌ده‌ستیك بێت ئه‌مه‌یه بازرگانی حزبی كوردی له‌سه‌ر لاشه‌ی ئه‌نفال ..ئه‌نفالیش زه‌ردوو سه‌وز كرا**